# ئەبو ساڵح فەرمانی پێمان دەکرد، ئەگەر یەکێکمان بیەوێت بخەوێت ئەوا با لەسەر لای ڕاستی پاڵبکەوێت

لە سوهەیلەوە دەڵێت: ئەبو ساڵح فەرمانی پێمان دەکرد، ئەگەر یەکێکمان بیەوێت بخەوێت ئەوا با لەسەر لای ڕاستی پاڵبکەوێت، وپاشان بڵێت: «(اللهم ربَّ السماواتِ وربَّ الأرض وربَّ العرش العظيم، ربَّنا وربِّ كلِّ شيء، فالقَ الحَبِّ والنَّوى، ومُنْزِلَ التوراة والإنجيل والفُرقان، أعوذ بك من شرِّ كل شيء أنت آخذٌ بناصيتِه، اللهم أنت الأولُ فليس قبلك شيء، وأنت الآخرُ فليس بعدك شيء، وأنت الظاهرُ فليس فوقك شيء، وأنت الباطن فليس دونك شيء، اقضِ عنَّا الدَّينَ، وأغنِنا من الفقر)*»، ئەمەی دەگێڕایەوە لە ئەبو هورەیرەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-. *(واتە: ئەی خودای پەروەردگاری ئاسمانەکان وپەروەردگاری عەرشی مەزن، پەروەردگاری ئێمە وپەروەردگاری هەموو شتێک، داقڵیشێنەری تۆ وناوکەکان، دابەزێنەری تەورات وئینجیل وقورئان، پەنا بە تۆ دەگرم لە زیانی هەرشتێک کە جڵەو ودەسەڵاتی بە دەستی تۆیە. خودایە، هەر تۆ یەکەمینیت هیچ شتێکت لە پێش تۆوە نییە وهەر تۆش کۆتایەمینی هیچ شتێک لە دوای تۆوە نییە، هەر تۆ بەرز ومەزنیت، هیچ شتێک لە سەرووی تۆوە نییە، هەر تۆ نزیکیت وهیچ شتێک لە تۆ زیاتر نزیک نییە لە بوونەوەرەکان -یان- هەر پەنهانیت تەنها تۆ ئاگاداری نهێنیەکانی خەڵکیت، هیچ شتێک لە تۆ شاراوە نییە، قەرزاریمان لەسەر هەڵگرە و لە دەست هەژاری ڕزگارمان بکە)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی بە هاوەڵانی دەکرد، ئەگەر یەکێکیان بیەوێت بخەوێت با لای ڕاستی لەسەر جێگاکە دابنێت پاشان بڵێت: (اللهم ربَّ السماواتِ وربَّ الأرض وربَّ العرش العظيم:ئەی خودای پەروەردگاری ئاسمانەکان وپەروەردگاری عەرشی مەزن): واتا ئەی خودای پەروەردگار وخوڵقێنەر وخاوەنداری ئاسمانەکان زەوی، پەروەردگاری عەرشی مەزن، خوڵقێنەری هەموو بوونەوەرەکان وخاوەنداریان وبەڕێوبەری ژیانیان، پەروەردگاری هەموو شتێک. (فالقَ الحَبِّ والنَّوى: داقڵیشێنەری تۆ وناوکەکان): واتا ئەی ئەو زاتەی تۆو وناوکەکانت لەتکردووە ولە نێویانەوە بەرووبوومی جۆراوجۆر دەرچوون، لێرەدا ئەم دووانە باسکراوە چونکە فەزڵیان زۆرە وهەورەها بە زۆری لە خاکی عەرەبدا هەن. (ومُنْزِلَ التوراة والإنجيل والفُرقان: دابەزێنەری تەورات وئینجیل وقورئان): واتا ئەی ئەو زاتەی تەوراتت بۆ سەر موسا -صلى الله عليه وسلم- وئینجیل بۆ سەر عیسا -صلى الله عليه وسلم- وقورئانت بۆ سەر موحەمەد -صلى الله عليه وسلم- دابەزاند. (أعوذ بك من شرِّ كل شيء أنت آخذٌ بناصيتِه:پەنا بە تۆ دەگرم لە زیانی هەرشتێک کە جڵەو ودەسەڵاتی بە دەستی تۆیە): واتا داوای پاراستنم لە تۆ دەکەم لە شەڕ وزیانی هەموو بوونەوەرەکان؛ چونکە هەموویان لە ژێر دەسەڵات وهێز وبەڕێوەبردنی تۆدان. (اللهم أنت الأولُ فليس قبلك شيء، وأنت الآخرُ فليس بعدك شيء، وأنت الظاهرُ فليس فوقك شيء، وأنت الباطن فليس دونك شيء:خودایە، هەر تۆ یەکەمینیت هیچ شتێکت لە پێش تۆوە نییە وهەر تۆش کۆتایەمینی هیچ شتێک لە دوای تۆوە نییە، هەر تۆ بەرز ومەزنیت، هیچ شتێک لە سەرووی تۆوە نییە، هەر تۆ نزیکیت وهیچ شتێک لە تۆ زیاتر نزیک نییە لە بوونەوەرەکان -یان- هەر پەنهانیت تەنها تۆ ئاگاداری نهێنیەکانی خەڵکیت، هیچ شتێک لە تۆ شاراوە نییە): پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەم چوار ناوەی خوای گەورە بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕوونکردووەتەوە: 1- الأول: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی هەموو شتێک وکەسێک جگە لە خوای گەورە دروستکراون وبوونیان نەبووە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەمیش وا لە بەندە دەکات کە هەست بە فەزڵی خوای گەورە بکات بەسەریەوە لە نیعمەتە ئاینی ودونیاییەکان؛ چونکە هۆکار وسەرەنجام هەمووی خودا بەخشیوویەتی. 2- الآخر: بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە کۆتاییدا تەنها خوای گەورە دەمێنیتەوە، ولە قیامەتدا جگە لە ئەو زاتە هەموو بوونەوەرەکان دەمرن -جگە لەوانەی خوای گەورە بیەوێت نەمرن-، وهەروەها لە ناوەکانی خودا (الصمد)ە ئەمیش واتا هەموو بوونەوەرەکان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە ودەیپەرستن ولێی دەپاڕێنەوە ولێی دەترسن. 3-

الظاهر: ئەمیش بەڵگەیە لەسەر مەزنی سیفەتەکانی خوای گەورە، وسیفەتی هەر کەسێک یان شتێک هیچ نییە ئەگەر بەروارد بکرێت بە سیفەتەکانی خودای مەزن، وهەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خوای گەورە لە سەرەوەی هەموو بوونەوەرەکانە بە بەرزبوونەوەیەکی ڕاستەقینە. 4- الباطن: مانای ئەوە دەگەیەنێت شتە شاراوەکان ونهێنی ویژدانەکان و هەموو شتە وردەکان لای خوای گەورە ئاشکرایە وکەس ناتوانێت لێی بشارێتەوە، هەروەها ئاماژەیە بۆ نزیکی خوای گەورە، وئەم دوو ناوە: (الظاهر والباطن) دژی یەکتر نین؛ چونکە هیچ شتێک وەکو خوای گەورە نییە لە وەسف وسیفەتەکانیدا، بۆیە ئەو بەرزە سەرەڕای نزیکبوونی، ونزیکە سەرەڕای بەرزبوونەوەی. (اقضِ عنَّا الدِّينَ، وأغنِنا من الفقر:قەرزاریمان لەسەر هەڵگرە و لە دەست هەژاری ڕزگارمان بکە): پاشان داوای لە خوای گەورە کرد کە قەرزاری لەسەر لابدات وهەژار وپێویست نەبێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6335